# دوای کشانەوەی ئەمریکا......عێراق بەرەو کوێ؟




**و. خالید هەرکی**
khalidherki@chello.nl



چەند مانگێک بەر لە ئێستا سەنەتۆری دیموکراتیی ئەمریکی (جۆزێف بایدن ) پیلانێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی پیران کردوە بۆ کشانەوی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق وهەست بە لێپرسینەوەو رێکخستنەوەی کارو بارەکانی عێراق بە پێکهێنانی سێ هەرێمی فیدرالی ی کوردی وشیعی و سونی.

کاتێک بایدن پیلانەکەی پێشکەش کردبو ئەوسا سەرۆکی فیدراسیۆنی کەمینەی دیموکراتی بو لە ناو ئەنجومەنی پیران ، دوای هەلبژاردنەکانی ئەمریکی و وەدەست هێنانی سەرکەوتنەکانی دیموکراتەکان سێنەتۆربایدن بوبە سەرۆکی فراکسیۆنی زۆرینەی دیموکراتەکان لە ناو ئەنجومەنی پیران ، بەم شێویە دەرفەتی ئەنجامدانی پیلانەکەی بۆ فراوانتر دەبێ لە شوێنە نوێکەیدا کە بە کارایی لە مانگی کانونی دوەمی 2007 دەست بە کار دەبێ ، کارێکی سودبەخش و فرە دەرفەتە لەم ئان و ساتەدا کە عێراق تێی کەوتوە ئەم پیلانەکەی بخاتە گەر . پیلانەکە لە پێنج خالی سەرەکی پێکهاتوە :

1- عێراقێکی فیدرال . پاراستنی یەک پارچەیی عێراق بەوە دەکرێ کە رێگە زیاتر بە پێکهاتەکان بدرێت لەناوچەکانی خۆیان باشتر جولە بکەن .

حکومەتی مەرکەزی لە بەرژەوەندیە گشتی وهاوبەشیەکان بەرپرسیار دەبێ وەکو ئاسایشی گشتی و سیاسیەتی دەرەوە و بەرهەمهێنانی نەوت ودابەش کردنی داهاتەکەی، بەم شێوە سێ ناوچەی کوردی و شیعی وسونی هەریەک لە ناوچەکەی خۆی بەرپرسیار دەبێ .

2- دابەش کردنی داهاتی نەوت بەرێژەی لە 20% بەسەر سونەکاندا کە هاوسەنگی دانیشتوانیان ، دلنیایی یەک بە سونەکان دەبەخشێ ، لە ئەنجام ژێرخانی ئابوریی وولات لە ناوچە سوننە نشینەکان پارێزراو دەبێ .

3- فشار خستنە سەر وولاتانی کەنداو تا هاوکار یەکانیان زیاتر بە پرۆژە وکارە بونیادنەرەوەکان بدەن ، وێرای مسۆگەرکردنی مافی کەمینە نەتەوایەتیەکان.

4- بەستنی کۆنگرەیەکی نێو دەولەتی بۆ وەدەستهێنانی پشتگیریی وولاتانی دراوسێ و دروست کردنی کۆمکارێک بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی لایەنە هەرێمیەکان . بەم پێیەش وولاتانی دراوسێ دەبێ رێز لە پەیمانەکانی هاوبەشی لەدەسەلات وریز لە سنورەکانی عێراق بگرن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پەیوەندی بە وولتانی دراوسێ وە بکرێت بەتایبەتیش ئێران بۆ رەواندنەوەی گومانەکانی.

5- دەستپێ کردن بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا پایە بە پایە بە شێوەیەک بۆ کۆتایی 2007 زۆربەی هێزەکانی کشاندبێتەوە تەنها 20 هەزارێک نەبێت ئەویش بۆ رێگەگرتن لە هیرش و پەلاماری وولاتانی دراوسێ ولێدانی مۆلگای تیرۆرستان .

ئەم پیلانە لەلایەن چەند سەرچاوەیەک توشی جۆرێک لە رەخنەهات کە پوختەکەی بریتیە لە :

1– پیلانەکە لە روانگەیەکەوە هەلقولاوە کە عێراق بەو پێیەبەلەسەربنەمای سیستەمی پشک پشکانێ بەسەر تایەفەو توێژدا دابەش کراوە.
بیرۆکەی سەرچاوەی رەخنەکە خۆی لە وەدادەنوێنێ کە پرۆسە وسومبلی دابەش بون و پشک پشکانێ لە بنەرەتدا سومبولێکی نادیموکراتیانەیە.
بەهۆی ئەوەی سیستەمی پشک پشکانێ رەتی شارستانیەت دەکاتەوە لە رابردوشدا سەلماندویەتی کە ئەنجامەکەی دەبێتە یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی تایەفە وتوێژ بە لەناو بردنی لایەنێک لە دواییشدا بلاوبونەوەی ناسنامەی تەسکی کلاسیکی لە سەر حسابی ناسنامەی فراوانی نیشتمانی.
2– پیلانەکە ئەوکێشانە چارەسەر ناکات کە لە ئەنجامی جودابونەوەی فیدرالی دروست دەبن ، بۆ نمونە چی بەسەر کوردە سونەکان و کوردە شیعەکان دێت ؟ ئەمەو بە چاوێکی گومانەوە سەیری نیازەکانی ئەمریکا دەکرێت لەگەل یاری کەرە سیاسیە نوێ کانی ،دەبێ یا ئەوان عێراق بگەرێننەوە بۆ خالی عێراقی خاپورکراو ی بێ گەرانەوە یا ئەوان بەدوای دەروازەیەکی لێ دەرچون بگەرێن بەبێ گوێ دانە جۆری دەروازەکە؟
3– پیلانەکە پیلانێکی بیانی و سەپێنراوە بەسەر گەلی عێراقدا خواست وویستە ستراتیژیەکانیان ناهێنێتە دی . باشتر ئەوەیە عێراقیەکان خۆیان رێگە چارەیەک دیاری بکەن چونکە ئەوان تاکو ئێستا نەیان توانیوە خۆیان رێک ویەک بخەن.
4– لە پیلانەکە بەپێویست دەزانرێت کە وەکو مافی دراوسێتی دیالۆگێکی رون و ئاشکرا لە گەل سوریا وئێران بکرێت ، کە ئەمەش لای سیاسەتمەدارانی کۆنگرێس وکۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بە هێلی سور دەزانرێت . گوایە ئەم دو ولاتە هاوکاری وپشتگیریی رێکخراوە تیرۆریستیەکان دەکات، بە گوتەی ئەوان دیالۆگ لەگەلیان دە بێ بەرامبەر بە وازهێنان لە دەسکەوت ومافەکان و مەرجی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بێت .
سەرەرای لێدوانەکانی جۆن ئەبوزێد کە دەلێ لەماوەی 6 مانگدا دەکرێ کۆنترۆلی دۆخەکە بکەین، بەلام واپێ دەچێ ئەرکی دەرچونی ئەمریکا لەم قەیرانە کارێکی ئاسان نەبێت.
5– جگە لە سوریا هەمو ولاتە عەرەبیەکان لەوە دەترسن ئالو گۆرێک لەنێوان ئێران وئەمریکا روبدات لە ئەنجامی گۆرینەوەی بەرژەوەندیەکان دواتر لە یەک تێگەیشتنێک بێتە کا کە رەنگدانەوەی لە سەر ولاتانی کەنداو ومیسر و ئوردن دا بەخەراپ دەبێ، لەوەوە مەترسی ونائارمی یەک لە دلیاندا خولقاوە چونکە شەریکە نوێکانیان بە کارتێکی بەهێزتر دادەبەزنە ناو مەیدانی شەرگەکە .
6– پیلانەکە وا نیشان دەدات کە بەسەر وولاتانی کەنداودا سەپێنراوە بەوەی هاوکاری ویارمەتی پێشکەش بە عێراق بکەن بۆ بنیاد نانەوەی بەرامبەر بە پاراستنی بەرژەوەندیە کانی کەمە نەتەوایەتیەکان ، کە ئەمەش باجی هەلەکانی ئەمریکایە دەیدەن سەرەرای ئەوەی بەر لە هەنگاونانەکەی ئەمریکا ئامۆژگاری ئەوەیان دەکرد کە ئەم هەنگاوە نەنرێت .
7– برگەی پێدانی رێژەی لە 20% داهاتی نەوت بە سوننەکان بەرامبەر بە پشتگیری کردنیان لە پرۆسەکە خوێندنەوەیەکی نادروستە ، چونکە سونەکان داوای یەکپارچەیی عێراق دەکەن بروایان بە دابەشکردنی داهات وپشک پشکانێ نیە ئەم دابەشکردنە لەسەر بنەمانی تایفە ومەزهەب، ئەمە لە ستراتیژیەتی ئەواندا نیە لە پشت ئەوانیشەوە وولاتە عەرەبە سوننەکانی دراوسێ یان.
8– تورکەکان قەبولی ئەوەیان نیە هەرێمێکی کوردی لە باکوری عێراق دروست ببێ کە سەرپەرشتی وبەرێوەبردنی داهات وخێرو بێرەکەی ناوچەکەیان بەدەست خۆیانەوەبێت ودواتر هاوکاری ی بزوتنەوە کوردیەکانی تر بدات بەتایبەتی کوردەکانی ناوەوەی تورکیا، دیارە کە پیلانەکە چارەسەریەکی ئەوتۆی ئەو کێشانەی نەکردوە ، کاتێک باس لە پەیوەندیە ستراتیژیەکانی تورکیا– ئەمریکا دەکات بەتایبەت

دوای کێشە تەرەفگیریەکانی روسی لە کاتی دروست بونی کێشەکان کە زۆرجار خۆتێهەلقولانەکانی روسی دژ بەبەرژەوەندیەکانی ئەمریکان بۆیە دیار نەکراوە کامیان گرنگترە بۆ ئەمریکا کورد یا تورک ؟

9- کۆنگرە دەولیەکەی پێشنیارکراو چارەسەریەکی کێشەکە ناکات ، چونکە کێشەکە لە چوارچیوەی عێراق چۆتەدەرەوە رەگ و ریشەی هەرێمەکەی گرتۆتەوە . هەر پێشوەچونێک لە عێراق دەبێ پێشوەچون لە فەلەستین وئیسرائیل رویدابێت ئەوسا دێتە دی.

بەلام ئیدارەکانی ئەمریکی حەزەکانی عەرەبی بۆ مەرامەکانی خۆی بەکار دێنن ئەویش بە ئالۆزترکردنی ناوچەکە ، بەر لە نانەوەی هەر پشێویەک ئەمریکا بە عەرەبەکان دەلێ ئەگەر پشتگیریم بکەن ئەوا کێشەی فەلەستین چارەسەر دەکەم ، شەرەکان دوپاتو سێپات بونەوە بەخۆوە دەبینن ، شەری کەنداو شەری ئەفغانستان شەری عێراق. لەگەل ئەمەشدا هیچ پێشوەچونێک لە کێشەی فەلەستین روی نەداوە ، بەر لە شەرەکانی عێراق بۆش دەی ووت ئاشتی لە نێوان عەرەب وئیسرائیل لە رێگەی بەغداوە دێت ،کەچی ئێستا دەبینین شتەکان ئاوەژو بونەتەوە ..

سەرەرای ئەم رەخنانە سێنەتۆر بایدن بە چەند خالێک وەلامیان دەداتەوە :

1- پیلانەکە دابەشکردن ناگەیەنێ . بەلکو تاکە میکانیزمە بۆرێگەگرتن لە هەر دابە شبونێک کە ئێستا لە بوندایە ئەم پیلانە یەکپارجەیی عێراق مسۆگەر دەکات بە شێوەی فیدرالیزم .

2- پیلانەکە بەسەر عێراقیەکاندا نە سەپێنراوە بەلکو بوژاندنەوە و کاراکردنی برگەیەکی دەستورە کە خۆیان بە ویستی خۆیان چەسپاندویانە، کە دەلێ مافی پاریزگاکانە هەرێم لە نیوان خۆیاندا پێک بهێنن . کاتێک ئەمریکا 140 هەزار سەربازی لە عێراق هەیە ئەویش قسەی دەبێ .

3- پیلانەکە نیشانەی لەناوبردنی تایەفەو مەزهەب و تیرە نیە بەلکو پاراستنیەتی ئەوەی ئێستا هەیە کاری لە ناوبردنە .

4- پیلانەکە دەروازەیەکە بۆ مامەلە کردن لەگەل میلیشیاکان ،هیچ لە تایفەکان ئامادە نیە میلیشیاکەی خۆی لەناو بەرێ لەکاتێکدا هەمویان هەیانە ، ئەویش لە بەر بێ بروایی ، لەکاتی جێبەجێ کردنی فیدرالیزم میلیشیاکان لە ناوچەکانی خۆیان لەگەل فیدرالیزم دەتوێنەوە .

5- لەشارە تێکەلاوەکان هیچ چارەیەک نیە تەنها ئەوە نەبێ سەرکردە سیاسیەکان لە رێگەی کاری سیاسیەوە ئاسایش بپارێزن بەلام بەغدا دەبێتە شارێکی فیدرالی لەداهاتوش هێزێکی پاراستنی ئاشتیی بۆ دروست دەکرێت .

6- ئێران بەرژەوەندیی لە عێراق هەیە پێی خۆشنیە ئاگری بەلایەکە بۆ ولاتانی دراوسێ تەشەنەبکات چونکە ئەو بە چاوی سەرپەرشتیاری ئیسلامی دەروانێتە خۆی لە بەرژەوەندیی دانیە لایەنگری لایەنێک بکا لەسەر حسابی لایەنەکەی تر کە لە ئەنجام لایەنی دوەم لەدەست دەدات ، ئەمە وهەم دیسان نایەوێ ولاتێکی کوردی لە باکوری عێراق دروست ببێ کە لەکۆتایی ببێتە سومبلی وولاتێکی کوردی بۆ کوردانی ئێران.

2006-12-16 هۆلەندا

www.serben.com